
لیژنەی خزمەتگوزاری نوێنەرایەتی: ڕێگە نادەین پرۆژەکانی حکومەت بە بانگەشەی هەڵبژاردن بکاربهێنرێت



لیژنەی خزمەتگوزاری نوێنەرایەتی، ئەمڕۆ چوارشەممە جەختی لەوە کردەوە کە ڕێگە بە پارت و قەوارە سیاسییەکان نادرێت سوود لە پرۆژەکانی دەوڵەت وەربگرن بۆ بڕوودان بە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی چاودێری گشتی هەموو ئەو پرۆژانە دەکات کە لایەن میکانیزمەکانی دەوڵەت و کادرەکانەوە جێبەجێ دەکرێن.

عەلی حەمداوی سەرکی لیژنەکە بە ئاژانسی (موتەعە)ی ڕاگەیاند: کە "ئێندامانی لیژنەکە چاودێری هەموو پرۆژەکان دەکەن، بۆ ئەوەی قەرخ نەکرێن لەلایەن کاندید وپارتەکانەوە بۆ بانگەشەکردن لەسەر هەڵمەتەکانیان بۆ هەڵبژاردنەکان، بۆیە ڕێگە نادەین هیچ لایەنێک سوود لە پرۆژەکانی دەوڵەت لە پرۆسەی هەڵبژاردندا وەربگرێت."

ئاماژەی بەوەشکردووە، "خرایی کارکردن لە زەربەی ئەو پرۆژانەی کە لەلایەن سەرک وەزیران محەمد شیاع سودانیەوە ڕاگەیەنراوە بردەوام بێت وستان بهاوتەریب لەگەڵ دەستپێکردنی بودجەی گشتی وەاتدا "،ئاشکرایشی کرد "پرۆژەی نوێ هەیە کە چوونەتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و گەیشتوونەتە قۆناغی

کاری پێشکەوتوو."

حەداوی ئاماژەیشیدا: "لیژنەی خزمەتگوزاری سەردانی مەیدانی دەکات بۆ شوێنکانی کارکردن لەو پڕۆژانەدا کە چوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە،لەگەڵ میوانداریکردنی زۆرک لە بەرپرسان بۆ دیاریکردنی گرنگترین کێشە و بەربەستەکان کە هەووەی هێندەک پڕۆژە دەبنەوە، هەروەها گوێگرتن لە بۆچوونەکانیان لەسەر پەرەپێدانی واقیعی ئەو پڕۆژانە."